## كتێبی (سینۆهە . پزیشكی تایبەتی فیرعەون) و وەڵامێک بۆ كاك (رەفیق سابیر) لە هەر شوێنێكە ... پارێزەر: سەیدا شێخ زرار

هەولێر



لە ژمارە (190) ی یەكشەممە (2006/2/12) ی رۆژنامەی ئاسۆ، بابەتێكی بەرێز كاك (رەفیق سابیر) م بەرچاو كەوت كە لەسەر كتێبی (سینۆهە ـ پزیشكی تایبەتی فیرعەون) نووسیبووی و بە پێویستم زانی لە وەڵامی هەندێ رەخنە و تێبینی، كە لەسەر شێوازی وەرگێڕان و ئاستی زمانەوانی كوردی و ئەمانەتی وەرگێڕان و شێواندنی تێكست و ستروكتووری رۆمانی مێژوویی سینۆهە و چەند سەرنجێكی تر، كە لە بابەتەكەیدا باسی كردووە، منیش چەند روونكردنەوە و سەرنجێك بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەران و لایەنگرانی سینۆهە وەكو ئەو بەرێزە بە هەڵەدا نەچن و لە دوورەوە بێ ئاگایانە بڕیار نەدەن و بە پێی پەتی (بە پێ خاوسی) خۆیان فرێ نەدەنە بابەتەكانەوە و كورد وتەنی: (تفەنگ بە تاریكییەوە نەنێن) .

ئەگەرچی من زۆر بە خۆشحاڵی و سینگ فراوانییەوە رەخنە و سەرنجەكان وەردەگرم و لە ناخەوە باوەڕم بە كاریگەرێتی رەخنەگری و پەنجە خستنە سەر خاڵە لاوازەكان و ئاماژەی كەم و كورییەكان هەیە، بەڵام هیوادارم هەر نەبێ لەبەرئەوەی من هێشتا ماوم و نەمردووم، بە ناوی من و بە نووسینی منەوە راستییەكان هەڵنەگێڕنەوە و بە ویژدانەوە حوكم بدەن و هەولێر وتەنی: (سەر برینێ كەن خوا ببینن) . بۆیە وەڵامەكانم بە كورتی لە چەند خاڵێكدا دەخەمە ڕوو و هیوادارم كوردانە و واقیع بینانە و بە ئاستێكی هۆشیارانەی بەرز و تێگەیەكی وریا و بێدار وەری بگرن و هەموومان لە دیدی تونێلی و مەبەستەكانی پشت پەردە و چەواشەكاریی نهێن برانە و زڕاندنی ناو و كاری یەكدی بە دوور بین.

ئەمەش ئەو خاڵانەیە:

1- من لە كۆتایی ساڵی (2000) دا وەرگێڕانی كتێبی سینۆهەم تەواو كرد و هەر دوا بە دوای ئەو كاتەش كتێبەكە كەوتە بەر دەست خوێنەران و لە پێشەكیەكەشیدا ئەو مێژووەم بە روونی نووسیوە. بەڵام ئێوە نووسیوتانە (سێ ساڵێك لەمەوپێش (واتە ساڵی 2003) كتێبێك بە ناوی سینۆهە لە هەولێر بڵاو كرایەوە كە سەیدا شێخ زرار لە فارسییەوە كردوویەتییە كوردی) .

جا ئەگەر شاعیرێكی رۆشنبیری بە تەمەنی وەكو بەرێزتان بەو شێوەیە لە ئەدەبی ناوخۆی كوردستانی وڵاتتان بێ ئاگا بن و (6) ساڵ بكەن بە (3) ساڵ، ئیدی منێكی جەوان، كە نزمی ئاستە رۆشنبیری و هونەرییەكان و هەژاری وێژە و پەرتوكخانەی كوردی وڵاتەكەم دەروونمی بۆ وەرگێڕانی ئەو كتێبە هێنایە جۆش، چۆن وەكو خۆتان دەفەرموون (لە ئەدەبی دنیا بێ ئاگا) نەبم؟!

2- من وەكو وەرگێڕی كوردی هیچ ئیدیعای ئەوەم نەكردووە، كە ئەو بەرهەمە جیهانییە كتێبێكی كۆنی میسرییەكان بێت و ئەوەی نووسیویشمە تەنها دووبارە كردنەوەی وتە و بیر و رای وەرگێڕە فارسیەكەیە و لەمەڕ راستی و ناڕاستی دەست نووس بوونی كتێبی سینۆهە، (زەبیحوڵای مەنسوری) ی وەرگێڕی فارسی دەڵێت دەستنووسەكانی سینۆهە لە مۆزەخانەی

شاری لۆڤەره لە فەرەنسا، هەروەها (دکتۆر ئەحمەدی بێهپور) کە ئەویش سینۆهەی لە ئەڵمانییەوە کردووەتە فارسی، بە گومانەوە باسی دەستنووس بوونی دەکات و دەڵێ باوەڕ ناکەم دەست نووسی خودی سینۆهە بێت، بەڵام هەموو شتە سەرەکییەکانی وەکو ناوی کەسایەتییەکان و وڵاتان و بیروڕای ئایینی و داب و نەریت و.. هتد هەموویان راستیی مێژوویین کە نووسەرە فینلەندییەکە لە شێوەی رۆمانێکی مێژوویی دایڕشتووە و سینۆهە کەسایەتییەکی خەیاڵییە کە نووسەر کردوویەتیە قارەمانی خەیاڵیی شاکارەکەی.

بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ئێوە بۆ بە درۆ خستنەوەی وەرگێڕی فارسی دەتوانن سەرێك لە مۆزەخانەکە بدەن و ئەگەر وا نەبوو، ئەو دەم ئەو بەڕێزە لەهەڵەکەی کە کردوویەتی بە ئاگا بهێننەوە، نەك من، چونکە کاری من گواستنەوەیەکی بێ گەرد و بەرز و کەم هاوتایە و خەریکە بڵێم (من تەنها مردووەکەم شوشتووە، جا دوایی بۆ بەهەشت دەچێت، یان بۆ جەهەنەم، کەی کێشەی منە؟) .

هەروەها بەنیسبەت من و خوێنەرانی سینۆهە (زۆربەیان)، راستی و ناڕاستی ئەو بابەتە، بەقەدەر ئاست و سەنگ و نرخی کتێبەکە و ئەو کاریگەرێتییەی کە لە هزر و بیری خوێنەری دەکات گرنگ نییە و جێی خۆی بەشێوەیەك لە دڵی خوێنەر دەکاتەوە کە هەرگیز زیاد و کەم ناکات.

3- کاك رەفیق بە بێ جیاوازی و جوداکاری، لەهەر شوێنێکدا کە رەخنە لە شێواندن و هەڵپاچین و پاش و پێشخستن و دەستکاری تێکستەکان دەکات، منیشی (وەکو وەرگێڕی کوردی) بە ئاگری وەرگێڕە فارسەکە سوتاندووە و نارەوایانە، من لەو شێواندن و بە وتەی خۆی ئەتك کردن و خراپ وەرگێڕانەی کابرای فارس و بیر و ڕاکانی ئەو دەکاتە شەریکە تاوان و دەڵێ دووی ئیدیعایەی وەرگێڕە فارسەکە کەوتووە و متمانەی پێ کردووە.

بە داخەوە کە ئەمە هەڵسەنگاندن و پێوەری خوێنەوارێکی بەناو رووناکبیری وەکو ئەو بێت، چونکە من تەنها لە وەرگێڕانی خۆم بەرپرسم و ئامادە نیم تاوانی هەڵەو خەیانەتی ئەدەبیی کەسێکی تر بخەمە ئەستۆی خۆم. واتە من دەستەبەری راستی و دروستی دێر بەدێری وەرگێڕانەکەی خۆم دەکەم و بە متمانە و بەوپەڕی تەوازعەوە دەڵێم کەس ناتوانێ تەنانەت رەخنەی یەك دێڕیش لە وەرگێڕانە فارسی بۆ کوردیەکەی من بگرێ لە رووی ئەمانەتی وەرگێڕان و کەم و کورتی و دەستکاری دەقە فارسییەکە. بۆیە ئەگەر هەر ناتەواوی و گۆڕانکارییەك هەبووبێ، یان لە وەرگێڕە فارسییەکەیە، یان لە وەرگێڕی فەرەنسی، یان ئەو وەرگێڕەی کە فەرەنسییەکە لەوی وەرگرتووە. چونکە زەبیحوڵای مەنسوری سینۆهەی لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر فارسی.

4- برای رەخنەگر بە بێ زانینی پێوەرەکانی رەخنەگری و لەوانەیە بڵێم بە بێ خوێندنەوەی هەموو کتێبەکە، بە هەموو بیر و هۆشی خۆیەوە هاتووە دەقە کوردییەکەی من لەگەڵ دەقە سوێدییەکەدا بەراورد دەکات و دەڵێت وەکو یەك نییە و دەستکاری کراوە و.. هتد. باشە ئاخر کوردی و سوێدی کوجا مەرحەبا. دەقی کوردی چ پەیوەندییەکی بە سوێدییەوە هەیە، کە تەنانەت ئەویش زمانی بنەچەی نووسەرەکە نییە. بەراوردی من دەبێ لەگەڵ ئەو دەقەدا بکرێ کە لێیم وەرگرتووە و ئەو بەراوردە منداڵیش نایکات. وە بە هەمان شێوە دەقە فارسییەکەش دەبێ لەگەڵ فەرەنسییەکەدا پێوانە بکرێ و فەرەنسییەکەش.. هتد.

بەڵام برای شاعیری بێ ئاگا، دەقە کوردییەکە (بە بێ منەت) دەکاتە مەقاشی دەستی و بەراوردێکی نابەرامبەری پێ دەکات و هەر بەوەش ناوەستێ و لەبەرئەوەی ناتوانێ خۆی

لە قەرەی فارسییەکە بدات، بانگەشە بۆ کەسانی تر دەکات کە لەو تاوانە بکۆڵنەوە و نووسیویەتی: "من خۆم بە پێویستم نەزانی بەراوردی فارسی و کوردییەکە بکەم و هیوادارم کەسانی دی ئەم کارە بکەن، چونکە پێم وایە وەرگێڕانە کوردییەکە ناتەواوی زمانەوانی زۆرە و.. هتد.)
بڕوانن پێشتر چۆن ڕەخنە لە وەرگێڕانە کوردییەکە دەگرێ و دەڵێ: "من بەراوردی دەقە سوێدییەکەم لەگەڵ دەقی فارسی و کوردیەکەدا کردووە" و دواتر خۆی لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێت: "بە پێویستم نەزانی بەراوردی فارسی و کوردییەکە بکەم و هیوادارم کەسانی دی ئەم کارە بکەن". واتە سزای پێش تاوان دەدات و هەر لە سەرەتاوە ڕەشبینە.
5- لە جێگایەکی تردا دەڵێت: " (170) لاپەڕەم بەراورد کرد و تاکە لاپەڕەیەکم نەدی کە بە ئەمانەتەوە وەرگێڕدرا بێت". باشە یەکێك کە ئەو بەراوردەی پێ بکرێ و ئەوەندە ساڵە لە وڵاتێکدا بێت و ئەوها شارەزای سوێدی و کوردی و فارسی بێت، باشە بۆچی خۆی نایات لەو زمانە بێ خەوش و بێ سانسۆرەوە (سینۆهە) بکاتە کوردی و ئەدەبی کوردی و هەگبەی ڕۆشنبیریی خوێنەرانی کوردی پێ پڕ بکات؟
من (17) ساڵ لە ئاوارەییدا لە ئێران ژیام و کاتێ لە دوای ڕاپەڕین گەڕامەوە نیشتمانەکەی خۆم، بەدەستی پڕ هاتمەوە و دەستە و دیاریم بۆ خزمەتی وڵات و کلتوور و ئەدەب و کتێبخانەی کوردی لە بیر نەکرد و جێدەستم بە وەرگێڕانی ئەو کتێبە و کتێبی تر دیاری کرد.
بەڵام هەزاران خوێندەواری کوردی بە توانا و دەست ڕۆیشتوو لە ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتانی تری دەرەوەدا هەن، کە ئامادە نین هیچ زەحمەتێ بە خۆیان بدەن و لەوانەیە هزر و بیری گیرفان و بادەنۆشی و سك و خوار (سك) یان لەهەمووو شتێکی کردبێتن و بە دەگمەن دڵسۆزانێك پەیدا دەبن، کە ڕەنج و مەرگەسات و شەکەتیی وەرگێڕان بۆ گیانی خۆیان بکڕنەوە و زانست و تەکنەلۆجیا و ڕۆشنبیری و ئەدەبە جیهانییەکانی ئەو وڵاتانە بۆ وڵاتی خۆیان بگوازنەوە و ئاستە جیاجیاکانی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.
واتە زمانزانان و ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەت ئەوانەی کە توانایان هەیە، بە خەمساردی و دەست خستنە سەر دەست و پشت گوێ خستنی ئەرکە نەتەوەیی و فەرهەنگی و زانستییەکان، بەرەوڕووی خیانەتێکی واتایی گەورە دەبنەوە و لە دوا ڕۆژدا ڕەخنەیان لێ دەگیردرێ.
ئەوەتا کاك (ئەسعەد ماوەرانی) لە بابەتێکدا کە بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: ".. کتێبێکی وەکو سینۆهە زیاتر لە نیو سەدەیە لەجیهاندا هەیە کەچی ئێمەی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد تازە بە هۆی وەرگێڕانی (کاك سەیدا) وە بەو بەرهەمە جیهانییە کەم وێنەیە شاد دەبین، کەواتە زمانزانان و ڕۆشنبیران و وەرگێڕانی ئێمە خیانەتیان لێ کردووین کە تاوەکو ئێستا نەك هەر ئەم ئەدەبەیان پێ نەناساندووین، بەڵکو خۆشیان لێی بێ ئاگان".
6- شتێکی تر کە من زۆر پێی سەرسوڕماو بووم، ئەوەیە کە کاك (ڕەفیق) وەکو شاکارێکی ڕەخنەکانی، لە سەرووی وتەکانی نووسیویەتی: "تەرجومە (دیارە مەبەستی وەرگێڕانە ـ سەیدا) کوردییەکە بە دەیان دیمەن و دیالۆگ و ڕستەی لێ لابراوە و لە جیاتیان شتی سەیر و سەمەرەی بۆ زیاد کراوە". لە شوێنێکی تریشدا باسی (ئەتك کردن) ی ئەو ڕۆمانە دەکات.
بۆیە من هەرچەندە زیاتر لەم وتەیەی ورد بوومەوە و لێکم دایەوە زیاتر گومانم لەلا دروست بوو، کە دەستێك لە پشت ئەم نووسینانەدا هەبووبێ و کار لەوە ترازاوە کە

(موویەك لە ماستەكەدا هەبێ) و خۆزگە دەمزانی بەرامبەر بەو نووسینانە كە مەبەستی تەنها ناوزڕاندنی وەرگێڕ و بە هەڵدێردا بردنی خوێنەران و بێ بایەخ نیشاندانی كارەكەیە، چ بەخشییەكی وەرگرتووە و ئایا مادیاتی دنیا ئەوە دەهێنێ كە مرۆڤ چاو لە راستییەكان بجوقێنێ (یان بنوقێنێ) و هەست و ویژدانی خۆی بخاتە ژێر پێوە؟

7- لە ئاماژەیەكی تردا نووسراوە "دەوڵەت (دیارە مەبەستی سوێد و وڵاتانی پێشكەوتووە) كۆمەك بە تەرجومە و هەر كتێبێكی باش دەكات.. "، ئەو بەڕێزە دیارە ئاگای لە رەوشی كتێب و وەرگێڕان و ئاستەنگ و گرفتە روخێنەر و بە ئازارەكانی سەرەڕێی خاوەن پێنووسەكان نییە و نازانێ بە چ چەرمەسەری و ماندوێتی و بێ دەسكەوتنێك كارەكان رایی دەبن و چۆن دەوڵەت بە یەك چاو دەڕوانێتە شاكار و گەداكاری خاوەن پێنووسەكان و چۆن گۆرانی بێژان و ئافرەتانی لەش جوان و دەنگ خۆش گۆڕەپانی رۆشنبیری و میدیاكانیان قۆرخ كردووە و.. چۆن ئێمەمانان تەنكەرێ ئاویش بخۆینەوە دەسەڵات و حزب و دەزگا جۆراو جۆرەكان ناڵێن عافێتتان بێت!

كاك رەفیق لەوانەیە نەزانێ كاری وەرگێڕانی سینۆهە لە كاتێكدا بووە كە تاریكایی چەندین ساڵ وڵاتەكەی ئەوی گرتبۆوە و شارەكان ببوونە گۆڕستان و كۆڵانەكانی رەنگی تابوتیان گرتبوو و خەڵكی بە دەست شەڕی ناوخۆ و براكوژی و كوشتن و بڕین و تاڵانی و هەژاری و بێ كاری و بێ كارەبایی و بێ ئومێدی و... هتد، دەیانناڵاند.

بەڵێ ئا لەم كات و ساتەدا وەگێڕانی بەرهەمێكی لەو جۆرە بە رووناكی و داهێنانێكی مەزن و خزمەتێكی بەرچاو و شاكارێكی وەرگێڕان لە قەڵەم دەدرا، چونكە هەڵقوڵاوی ئەو رەوشە قێزەون و بێ پشتگیری و بێ ئیمكاناتیە بوو و ئەو كات كەس حەز و دەرفەتی خوێندنەوەی بێ ئەدەبیی ناوخۆی نەبوو، جا نەخوازە ئەدەبی دەرەوە!

8- وەكو پێشتریش بە هۆی تێگەیشتنی بە هەڵەی هەندێ لە خوێنەران بەرەو ڕووی چەند رەخنەیەكی جۆراو جۆر بوومەوە، هەمدیسان بەڕێزتان پێوەری (زۆری و بۆری ـ تەمەن ـ بڕوانامە ـ ریش) بە هەند وەردەگرن و باوەڕتان بە ئیش و توانا نییە بەتایبەت ئەگەر ئەو بەهرەیە لە گەنجێكەوە بێت، یان لە یەكێك كە ئاستی خوێندنی فەرمیی بەرزی نەبێ و ئەو شتانە دەكەنە ئاوێنەی باڵانومای رۆشنبیری، یان زانایی، یان لێهاتویی ئەو كەسە. چونكە نووسیوتانە: "ئایا خوێندكارێك كە تەنیا قۆناغی سەرەتایی لە ئێران بە فارسی خوێندبێ (وەك بەڕێز سەیدا شێخ زرار خۆی لەبەرگی كتێبەكەدا نووسیویەتی) تا چەند فێری ئەو فارسییە بووە، كە بتوانێ سەركەوتووانە كارێكی هێندە گرنگ و سەخت تەرجومە بكات و.. "

سەرەتا دەڵێم من هەرگیز نەمگوتووە و نەمنووسیوە كە من تەنها قۆناغی سەرەتاییم لە ئێران تەواو كردووە و ئێوە جوان نەتانڕوانیوەتە نووسینەكەی من چونكە نەتانویستووە. من نووسیومە " (سەیدا) لە شاری ئەراك واتە پارێزگای ناوەندیی ئێران لەدایك بووە و ساڵێك دوای لە دایك بوونم، لەتاران و كەرەج ژیاوم و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لەوێدا تەواو كردووە كە بەرزترین ئاستی زمانی فارسی لەو شارانەدایە، واتە جگە لەوەی فارسی دەبێتە زمانی دایكی دووەمی من، لەبەر ئەو دوو هۆكارەی تریش كە شوێنی لە دایك بوون و شوێنی خوێندنی من بوونە، دەكرێ بڵێی من لە هەموو ئێرانییەكان ئێرانی تر و فارسی زان ترم، بەڵام من خۆم وەكو پێویست پشتم بەو هۆكارانە یان ئەو بارودۆخە تایبەتییە نەبەستووە ئەوەی كە من زیاتر گرنگیم پێ داوە دانەبڕان لە ئەدەبی ئێران و خوێندنەوە و بەدواداچوونی زۆری زمانی فارسی بووە و ئەوەندەی نەماوە كە بڵێم ئەدەبی ئێران زۆرێك

لە ئەدەبی جیهانیش لە خۆ دەگرێت چونکە کاری وەرگێڕانی کتێبە بیانی و جیهانییەکانی دەرەوەی ئێران لەوێدا زۆر گرنگی پێ دەدرێ و هەرچییەك لە هەر وڵاتێ دەنووسرێت، لەپاش ماوەیەکی کەمدا فارسیەکەی دەکەوێتە ئێرانەوە. بەڵێ ئەوان ئەوها باریان راست دەکەنەوە ئیدی بۆچی ئەو کلتووره قوڵ و دەوڵەمەندەیان نەبێ؟
9- هەروەها وەکو چۆن ئێوە دەڵێن متمانەم بە وەرگێڕانی دەقە سوێدییەکە هەیە لەبەر چەند هۆیەك، لێرەشدا لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان هەزاران کەس زۆر بەرز و بە بایەخ روانیویانەتە ئەو کتێبە و بەتایبەت زمانە کوردییەکەی و بە لوتکەی کوردیی نموونەیی و فرە زاراوەییان ناو بردووە و دەیان کەسیش لە ئاستی ئەکادیمی و رۆشنبیریی بەرز، بەراوردی دەقە فارسی و کوردییەکەیان کردووە و دڵنیا بوونە کە یەك دێڕیشی کەم و زیاد نەکراوە و لە رۆژنامە و گۆڤار و میدیاکانیشدا لە هەموو روویەکەوە بە کەم وێنەیان ناو بردووە و دەتوانم بڵێم لە کوردستاندا ئەو کتێبە رکەبەری هاوچەشن و هاوئاستی نییە و داواکارم بەڕێزتان لەو بارەیەوە زیاتر بکۆڵنەوە و راستییەکان لەو کەسانە ببیستن کە ئێوە دەیانناسن و من نایانناسم. هەروەها فارس دەڵێت: "بەری داری زانست تەنها کردەوەیە" و من لەو باوەڕەدام لە ژیاندا ئەوانەی بە مەبەست پاکی (اخلاێ) و بە کردەیی (عملی) خزمەتێك دەکەن و رەنجێك دەبەن ئەوانە مەشخەڵی تاریکاییەکانیان لە دەست دایە و پاڵنەری رەورەوەی پێشکەوتنەکانن و دیسانەوە فارس دەڵێت: "کابرایەك چل ساڵ زانستی کۆ کردەوە و فێری زانیاری بوو، کەچی هیچ چرایەکی هەڵنەکرد". بۆیە مەرج نییە هەموو دانیشمەندان و خاوەن بڕوانامە و رۆشنبیران توانیبێتیان لە کۆمەڵگەکەیاندا تاکێکی بەسوود بن و راژەیەك بنوێنن و رووناکییەك بە تاریکاییەکان ببەخشن.
لە کۆتادا من وتەیەکی زیاتر و زۆر شتی گرنگترم ماوە کە بیڵێم و هەموو نووسەر و زانست پەروەر و دڵسۆزێکی کوردی لێ وەئاگا بێنمەوە، بەڵام مایەوەی وتەکانم و کێشە جۆراو جۆرەکانی ترم بە تێر و تەسەلی لەو پێشەکییەدا نووسیوە کە بۆ کتێبی (خواوەندی ئەلەموت) م داناوە و ئەو بەرهەمە تازە وەرگێڕدراوەش ئەگەر خوا یار بێ لە مانگی (3) ی ئەمساڵدا دەکەوێتە بەردەست خوێنەرانی بەڕێز و ئەو پێشەکییە (16) لاپەڕەییەش پێشکەش دەکەم بە کاك (رەفیق سابیر) و هەر خوێنەرێکی بەڕێزی تر کە دەیەوێ بزانێ لەم وڵاتە و لە دەروونی پیرە جەوانێکی وەکو مندا چی دەگوزەرێ و چی دەکێشین و چیمان دەست دەکەوێ و وەکو حافیزی شیرازی دەفەرموێ:
"وەرە و گوێ لە حاڵی ئەهلی دەرد بگرە
بە دەربڕینێکی کەم و وتایەکی زۆر"